# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی چاودێریی دۆخی تەندروستی

## سێیەم را پۆرت: گرفتی پێداویستی پزیشکی و تەندروستی لە سنوری گەرمیان

## کانونی یەکەم 2017

1/1/2018

## پێڕست


| | |
|---|---|
| بەشی یەکەم | ناساندن |
| بەشی دوەم | راپۆرت |
| بەشی سێیەم | راسپاردە |


بەشی یەکەم: ناساندن

1. پێشەکی
2.کارنامەی یەکەکە
3.ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

## 1.پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێك لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.
دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەك زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.
ئێمە لە رادیۆی دەنگ، ساڵی رابردو پرۆژەی دروستکردنی (یەکەی چاودێریی نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)مان هەبو، کە تاڕادەیەکی باش سەرکەوتو بو لە چاودێرییکردنی کاری ئەو دو نوێنەرەی گەرمیان، بەڵام بۆ ئەمساڵ و لە میانی پرۆژەی رادیۆکەمان بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی NED بەباشمان زانیی یەکەیەکی نوێ پێکبهێنین کە ئەمجارەیان چاودێریی حکومەتی خۆجێیی بکات.
کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، لەماوەی ئەمساڵ دا (24) راپۆرت لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاودەکاتەوە بەشێوەیەك هەر کەرتەو مانگەی راپۆرتێك لە بوارێکی دیارییکراو دەبێت.
بۆ مانگی یەکەمی کارکردنی ئەم پرۆژەیە، بۆ بەشی پەروەردە، پرسی ژمارەو جۆر و دابەشبون و کێشەی بینای خوێندنگەو قوتابخانەکانمان کردوە بە تەوەری باس، لەبواری تەندروستیش دا، کێشەی کەمی یان نەبونی پزیشك لە گەرمیانمان دیارییکردوە، ئەمەش بەوهۆیەی کە دو پرس و بابەتی گرنگ و لەهەمان کاتیشدا ئاڵۆز و هەستیارن. ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.
هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.
هەروەك بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاك و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

## 2. کارنامەی یەکە

یەکەم: ناساندن
یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی 2017 دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

دوەم: ئامانجی یەکە
1. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.
2. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.
3. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.
4. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

سێیەم: کارەکانی یەکە
1. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.
2. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.
3. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.
4. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.
5. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵك و حکومەت.

چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە
1.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.
2.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.
3.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەك و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## 3. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوضەی گەرمیان

1. رادیۆی دەنگ:
رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.
لە ساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.
ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەك گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.
رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.
لەئێستادا رۆژانە 24 کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی 99.9 FM پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).
رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.
جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێك چالاکی هونەریی).

2. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانجنەویستی تایبەتە بە گەشەپێدانو پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) وڵاتدا دەکات.
(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاڕاستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.
(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:
گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوك بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.
ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێك قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی:(کەلار و کفری و بەشێك لە قەزای خانەقین.)
لەدوای راپەڕینی ساڵی 1991، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوك کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان، بەشێك لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوك.
بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی ڕژێمی پێشوی عێراق لەساڵی 2003دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوە بپارێزگای کەرکوك لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێك لە رۆژی 2006/8/6 "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

راپۆرت: گرفتی پێداویستی پزیشکی و تەندروستی لە سنوری گەرمیان

1. دەسپێك

2. هۆکاری نەبونی کەرەستەی پزیشکی لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان:

3. هۆکاری نەبونی پێداویستی لە نەخۆشخانە و سەنتەرەکان:

4. کەمی پێداویستی لە مەڵبەندو بنکەکانی تەندروستی:

5. چۆنیەتی پێدانی کەرستەی پزیشکی بۆ نەخۆشخانەو مەڵبەندو بنکەو سەنتەرەکانی تەندروستی لەگەرمیان:

**1. دەسپێك:**

یەکێك لەگرفتەکانی کەرتی تەندروستی لە گەرمیان خراپیی بیناکانی تەندروستی و نەبونی بەشێك لە پێداویستیەکانە، بە جۆرێك بیناکان بەپێی ستانداردی جیهانی دروست نەکراوە، ئەمەش وای کردوە کە نەخۆش لەو شوێنێنانەی کە پزیشك دەبینن قەرەباڵخی دروست بکەن و شوێنی تایبەتیان نەبێت، سەرەڕایی هەبونی (52) بنکەی تەندروستی و (12) مەڵبەندی تەندروستی و (5) نەخۆشخانە و (4) سەنتەری تەندروستی لە سنوری ئیدارەی گەرمیان، بەڵام بەشێك لە هاوڵاتیان بەهۆی بونی قەرەباڵخی لەناو نەخۆشخانەکان و نەبونی پێدویستی و ئامێری تەندروستی سەردانی نەخۆشخانەکانی دەرەوەی گەرمیان دەکەن.

## 2. هۆکاری نەبونی کەرەستەی پزیشکی لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان:

لەئیدارەی گەرمیان سەرەڕای نەبونی کەرەستەی پزیشکی پێویست هەندێك ئامێری تایبەتی نیە، قەستەرە و باڵۆن و ئەو ئامێرانەی کە بۆ نەخۆشییەکانی شێرپەنجەو هەندێك ئامێری دیکە کە لەژوری چاودێری ورد پێویستە نیە لەگەڵ بەشێك لەو ئامێرانەی کە بۆنەخۆشەکانی تالاسیما بەکاردێت.

کەریم مەدحەت، چالاکوان و مامۆستای زانکۆ، باسلەوەدەکات: "زۆربەی کەموکورتیەکان، لە ئیدارەدانە نەك لە دابینکردنی کەرەستەکان، چونکە زۆرجار کەرەستە هەیە، بەڵام بەشێوەی گونجاو ئیدارە نادرێن و بەکارناهێنرێن بۆ سودی گشتی".

وتیشی: "زۆر کەرەستەو پێداویستی دابینەدکرێت، بەڵام چونکە لەروی کارگێڕیەوە ئیدارەدان لاوازەو بە دەستی حیزب کەسانی ناشیاو لە پۆستەکان دادەنرێن، هەربۆیە ئەو کەرەستانە خزمەتی باشی هاوڵاتیانی پێناکرێت".

د. سیروان محەمەد، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان وتی:" لە دو ساڵی سەرەتای دەستبەکاربونم بەپێی بریارێك نەمتوانیەوە هیچ پێداویستیەك بکرم، دواتر لە ساڵی (2017) هەندێك پێداویستیمان کڕی کە ئەوەش بەشی هەمو نەخۆشخانەکانی نەکردوە".

وتیشی:" بەهۆی ئەوەی بەشێك لەو ئامێرانەی کاتی خۆی لەلایەن کۆمپانیایەکی دیاریکراوەوە کڕدراوە ئەو کاتە هیچ گرنتیەکی نەبوە ئێستا خراپبوە، بۆیە ناتوانین چاکیان بکەینەوە".

باسی لەوەشکرد:" بەشێك لەو کەرەستە پزیشکیانە بە هۆی نەبونی سیانەوە (وەرشە) خراپبون کە پێشتر سیانەکراون، بەشێکیان بەهۆی بەسەرچونی ماوەکەیانەوە سیانە ناکرێت ئەبێ کەرەستەی تازەتربکڕین و داوامان کردوە کە بۆمان بکڕن".

لە هەمو گەرمیان تەنها یەك ئامێری ( CT) هەیە کە لەدوای کاتی دەوامی ئاسایی ئەو جیهازە ئیشی پێناکرێت، نەخۆشێکی فریاکەوتن پێویستی بە گرتنی ئەشیعە هەبێت ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی سلێمانی دەکرێت بەهۆی نەبونی کارمەندەوە لەشەوان".

د. بژار محەمەد، لێپرسراوی سەنتەری تیشك لەکەلار باسیلەوە کرد:" زۆری ژمارەی دانیشتوان و کەمی ئامێری تیشك وای کردوە نەخۆش ناچاربێت تا چەند مانگێك چاوەرێبکات تا سرەی بێت، وتیشی "خۆشبەختانە گەرمیان لەزۆربەی شوێنەکانی تر باشترە چونکە لێرە ماوەیەکی کەمتر نەخۆش چاوەڕێ دەکات".

ئاماژەی بەوەشکرد:"ڕۆژانە لە هەریەك لە بەشەکانی) سۆنەر و MRI و CT و (CR زیاتر لە (20) نەخۆش دەبینرێت کە لە زۆربەی شوێنەکان لەو ڕێژەیە کەمتر نەخۆش دەبینرێت".

## 3. هۆکاری نەبونی پێداویستی لە نەخۆشخانە و سەنتەرەکان:

لەسنوری ئیدارەی گەرمیان (5) نەخۆشخانە هەیە، چوار لەو نەخۆشخانانە بە بەردەوامی و (24) کاتژمێر دەوامی تێدا دەکرێت و سەر بە تەندروستی گەرمیانن، یەکێك لە نەخۆشخانەکان لە ناحییەی باوەنورەو سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەیە، لەگەڵ ئەمانەشدا 4 سەنتەری تایبەت هەن کە بەهۆی نەبونی بینای تایبەتەوە خراونەتە نێو نەخۆشخانەی کەلارەوە.

د.نەوال مەحمود، لێپرسراوی هۆبەی ددان لەکەلار دەڵێت:" لەبەر کەمی پزیشك و خراپی هەندێك لە کورسیەکانی ددان نەتوانراوە بە شێوازێکی باش نەخۆش بەرێ بکەین".

ئاماژەی بەوەشکرد" بەشێك لەمەڵبەندەکان ئەو برە پارەی بۆ دابین کراوە کە مانگانە سەرفی بکات هەندێکجار هیچی پێویست نیە بەڵام بۆ ئەوەی پارەکە نەمینێتەوە بەشتی لابەلاوە سەرفی دەکات."

هاوشێوەی نەخۆشخانەکانی دیکە نەخۆشخانەی کەلار، گرفتی بینای هەیە و بەرپرسێکی نەخۆشخانەکەش دەڵێت بە هۆی خراپی بیناوە ناتوانین خزمەتی باشتری هاوڵاتیان بکەین.

وریا محەمەد، یاریدەدەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار دەڵێت:" لەشارەکانی تری کوردستان لەهەر گەڕەکێك لە گەرەکەکانی شار نەخۆشخانەیەکی وەك ئەمەی کەلار هەیە، بەڵام بەهۆی کەمی بیناو زۆری سەردانکەرەوە ناتوانین بەشێوەیەکی باش نەخۆش بەرێبکەین".

ئاماژەی بەوەشکرد: نەخۆشخانەی کەلار بەپێی هیچ ستانداردێك دروست نەکراوە و ناتوانرێ بوترێ کە چەند قەرەوێڵەیە چونکە هەروەك بیانیەك دروست کراوەو چەند ژورێکیان لێدروست کردوە، بەهۆی ئەوەی کەنەخۆشمان زۆرە خۆمان کردومانە بە (70) قەرەوێڵە".

وتیشی" چەند جارێك داوای ئەو ئامێرانەمان کردوە کەبۆ چاودێری نەخۆش بەکاردێت(monitoring)، هەروەها داوای قەرەوێڵە و هەمو پێداویستیەکانمان کردوە بۆ قاوش، بەرێوبەریش خۆی واژوی کردوە و دواتر داواکارییە ون کراوە لەلایەن چەند کەسێکەوە کاتێ داواکاریکەمان دۆزیەوە پارە نەما".

باسی لەوەشکرد: وەزیری تەندروستی بەڵێنی کردنەوەی نەخۆشخانەیەکی راوێژکاری داوە بەڵام دواتر چەند کەسێکی نادیار پارەکەیان لەشتی تر سەرف کردوەو من ئاگام لە کرینی هیچ شتێك نیە و لە ناو نەخۆشخانەی گشتی، زیاتر لە (200) کەس لە شوێنێکی بچوك کۆدەبنەوە بۆئەوەی چارەسەر بکرێن بۆیە لە جیاتی ئەوەی شفای نەخۆش بدەین نەخۆش نەخۆشتر ئەکەین".

یەکێکی تر لەو نەخۆشخانانەی لەسنوری گەرمیان بە بەردەوامی چاوی لەسەرە و سەردانکەری زۆری هەیە، نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژارە کە (24) کاتژمێر دەوامی تێدایە و ڕۆژانە زیاتر لە (150) نەخۆش سەردانی دەکات، بەڵام بەهۆی نەبونی پێداویستی و هۆڵی نەشتەرگەری بەشێك لەنەخۆشەکان ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی سلێمانی دەکرێن.

هەڵگورد محەمەد، یاریدەدەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار دەڵێت:" بەهۆی کێشەی نیوان کۆمپانیای جێبەجێکار و لیژنەی تەندروستیەوە تائێستا بەشێك لەئامێرەکان وەرنەگیراون و کێشەی کەمی ئامێرمان هەیە بەڵیندراوە کە کێشەکەمان بۆچاك بکەن".

وتیشی: تەواوی کارمەندەکان تاقەتی ئیشکردنیان نیە، تەنها ئەمانەوێ ویژدانمان ئاسودەبکەین چونکە دەوامی زۆر دەکەین و موچەمان وەر نەگرتوە، هەر لەبەر ئەمەیە کە تائێستا هۆڵیی نەشتەرگەریمان نەکردۆتەوە".

ئاماژەی بەوەشکرد: "لە قاوەشەکان چەند جیهازی مۆنیتەرینیان خراپ بوە چاوەرێی کۆمپانیای جێبەجێکارین چاکیان بکات و لەبەر نەبونی غەسالەیەك (جلشۆر) و کۆگایەك ،نەخۆشەکان سەرمایان دەبێت و توشی سکچونیش دەبن و بەتانیەکمان نیە بیدەین بە نەخۆش".

باسی لەوەشکرد: جیهازێکی سیتی سکان (CT) یان هەیە کە ئێستا کار ناکات و چەند جارێك چاکمان کردوە و خراپ بوتەوە ئێستا ناچارین نەخۆش بنێرین بۆ سلێمانی".

سەنتەرەکانیش بەدەر نین لە گرفتی کەمی پێداویستی و بەشێك لە ئامێرەکانیان کۆن بون و زۆری ژمارەی سەردانکەرانیش بارگرانی لەسەر کارەکانیان دروستکردوە.

د.ئەرکان محەمەد، بەرێوبەری سەنتەری ددان لەکەلار باسی ئەوەی کرد:" ڕۆژانە نزیکەی (100بۆ150) نەخۆش دەبین هەمو کورسیەکانی ددان زیاتر لە لە (6) ساڵ پێشتر کڕاون و بەو هۆیەی سیانە ناکرین(چاك ناکرینەوە) خراپ دەبن".

وتیشی:"بەهۆی قەیرانی داراییەوە پزیشکەکان هەفتانە یەك ڕۆژ دەوام دەکەن و بەشێك لە پزیشکەکان خەڵکی دەرەوەی شارن و رەچاوی باری داراییان کراوە، ئەمەش وای کردوە کە نەخۆش بۆ پڕکردنەوەی ددان تا(4)مانگ چاوەرێ بکات".

ئاماژەی بەوەشکرد: (5) کورسی ددانیان هەیە کە نەخۆش لەسەری دادەنیشێت کە (2) کورسیان (بێ کوالێتین) و کاتی خۆی حکومەتی عێراقی دابینی کردون و ئێستا ئیش ناکەن چەند جارێك چاکیان کردۆتەوە و بەهۆی خراپی کوالێتیان خراپ دەبنەوە".

باسی ئەوەشی کرد: "کە هەر پزیشکێکی ددان بۆ (10.000) کەسە لەبەر زۆری ژمارەی نەخۆش کە ڕۆژانە سەردانیان دەکات و زیاد بەکارهێنانی ئامێرەکان خراپ دەبن و چەند جارێك داوای ئامێرمان کردوە بۆمان نەکڕاوە".

بەپێی ئەو ئامارەی لە سایتی ئیدارەی گەرمیان هاتوە ژمارەی دانیشتوانی گەرمیان زیاتر لە (640)هەزارکەس دەبێت، جگە لەو ئاوارانەی ڕویان لەناوچەکە کردوە، ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر نەخۆش سەر دانی نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب دەکات، بەشێك لە هاوڵاتیان بە هۆی نەبونی پێداویستی پزیشکی و نەبونی هۆڵێکی باشی نەشتەرگەری پەنادەبەنە بەر نەخۆشخانە ئەهلیەکان، یان

دەڕۆنە شارەکانی تر بۆ سەردانی کردنی پزیشکی منالبون، سەرەڕای ناردنی بەشێك لە ژنان بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی، بەرێوبەری نەخۆشخانەکە باسلەوەدەکات کە هیچ کێشەیەکیان نیە.

د.بەناز جەلیل، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و منالبون، جەختدەکاتەوە:" هەمو پیداویستیەکیان هەیە".

نەخۆشخانەی شەهید خالد گەرمیانی لە قەزای کفری کەمی پێداویستی هێندەی بێ پزیشکی گرفتی بۆ دروست نەکردوە و بەرێوبەری نەخۆشخانەکەش دەڵێت چەن ئامێرێکی پشکنینمان هەیە و بە هۆی بێ پزیشکیەوە کاری پێناکەین .

هێمن محەمەد، بەرێوبەری نەخۆشخانەی شەهید خالد گەرمیانی دەڵێت:" زۆربەی پێداویستیەکانمان هەیە هەندێك جۆری تایبەتی پشکنین لێرە ناکرێت، بەهۆی ئەوەی کە پزیشکی تایبەت نیە، بۆیە ئە جۆرە پشکنینانە لێرە ناکرێت."

## 4. کەمی پێداویستی لە مەڵبەندو بنکەکانی تەندروستی:

زۆرینەی مەڵبەند و بنکەکانی تەندروستی لە سنوری ئیدارەی گەرمیان بە هۆی کەمی پێداویستی پزیشکیەوە دەنالێنن، وای لێهاتوە لە مەڵبەندەکان جگە لە هەندێك پێداویستی سەرەتایی هیچیتر بۆ نەخۆش ناکرێت و بەشێك لەمەڵبەندەکان جگە لەکەمی پێداویستی بە دەس کەمیی پزیشکەوە دەناڵین و پزیشکیان نیە.

مستەفا رەشید، بەرێوبەری مەڵبەندی تەندروستی گوڵاڵە لە گەڕەکی گۆران لە کەلار ئاماژەبەوەدەکات:" بەشێك لەو ئامێرانەمان نیە کە لەناو تاقیگە بەکاردێت، ئامێرێکی (تبخیر) کە بۆ تەنگەنەفەسی بەکاردێت زۆر پێویستە و چەند جارێك داوامان کردوە، لەگەڵ ئەمەشدا پێداویستی دیکەشمان پێویستە و بە نوسراوی فەرمی ئاراستەی سەروی خۆمان کردوە، بەڵام تائێستا بۆیان دابین نەکردوین".

سەرەرای زۆری ژمارەی دانیشتوانی ناحیەی سەرقەڵا و گوندەکانی دەوروبەری ئەو ئاوارانەشی رویان لە ناوچەکە کردوە، ئەگەر کەسێکیان ددانی ئازاری هەبێت بۆسەردانی پزیشکی ددان دەبێت بڕواتە نەخۆشخانەکانی کفری و کەلار بە هۆی نەبونی پزیشکی ددان لە ناحیەکە .

عەبدلرەحمان محەمەد، بەرێوبەری مەڵبەندی تەندروستی ناحیەی سەرقەڵا ئاماژە بەوەدەکات:" لەبەر خراپی و کۆنی بینای مەڵبەندەکەمان تائێستا زۆربەی ئەو ئامێرانەی کە پێویستە لە مەڵبەندی تەندروستی هەبێت ئێمە نیمانە و تەنانەت پزیشکی ددان کە لەزۆربەی مەڵبەندەکان هەیە بۆ ئیمەیان نەناردوە".

وتیشی: "چەند جارێك وەزیری تەندروستی و بەرێوبەری تەندروستی گەرمیان بەڵێنی چاککردنەوەی بینانەکەیان بۆداوین، بەڵام تا ئێستا هەر ئەو بەڵێنە ماوەو نەچوتە بواری جێبەجێکردنەوە".

ئەم کێشەیە لە خانەقینیش دا بونی هەیە، زانیار جەلیل، بەرێوبەری مەڵبەنی تەندروستی سیروان لە خانەقین باسیلەوەکرد:" جگە لە دەرمانخانەیەك و پزیشکێکی ددان کە ئەویش هەمو پێداویستیەکانی بۆدابین

نەکراوە، هیچیی تر لەناو مەڵبەندەکەمان نیە، ئەو ئامێرانەی کەبۆچاودێری نەخۆش بەکاردێت (Monitoring)و ئامێرەکانی ناو تاقیگەمان نیە، چەند جارێك داوامان کردوە تا ئێستا بۆمان دابین نەکراوە".

سەرباری زۆری ژمارەی دانیشتوانی ناحیەی رزگاری و گوندەکانی دەوروبەری، ژمارەیەکی زۆری ئاوارە رویان لەناوچەکە کردوە، و بە وتەی بەرێوبەری مەڵبەندەکە مەڵبەندێکی بێ کەموکورتیشیان هەیە، بەڵام بێ پزیشکن.

دارا رەشید، بەرێوبەری مەڵبەندی تەندروستی شەهید د.قاسم لە ڕزگاری وتی:" هەمو ئەو پێداویستیانە کەدەبێت لە مەڵبەندەکان هەبێت هەمانە، بەڵام ماوەی زیاتر لە (3) هەفتەیە پزیشکمان نیە و تەنها پزیشکی ددانمان هەیە".

بنکەکانی تەندروستی بەهۆی خراپیی بینا و نەبونی کارەبا و کەرەستەی پزیشکیەوە وای لێهاتوە جگە لە تیمارکردن (تەداوی) هیچ بۆنەخۆش ناکەن.

ئەیاد عەبدلکەریم، لێپرسراوی بنکەی تەندروستی هاجیلەر باسیلەوەکرد:" لەبەر خراپی بیناو نەبونی کارەبا ئەودەرمانانەی کەبۆمان دێت ناتوانین سودیان لێببین".

وتیشی:" ئەگەر دەرمانیش زۆربێ ئەوا فرێزەر(ساردکەرەوە) و کارەبامان نەبێ ئەوا دەرمانەکان خراپ دەبن و ناتوانرێ بەکاربهێنرین".

بەشێك لە بنکەکان گرفتی کارەبا یەکێکە لە گرفتە سەرەکیەکانیان و ئەمەش وا دەکات زۆرجار ئەو دەرمانانەی بۆیان دەچێت نەتوانن بیپارێزن.

عەلی عەباس، لێپرسراوی بنکەی تەندروستی کوڵەجۆی حەمەجان جەختدەکاتەوە و دەڵێت:" ناتوانین هەمو دەرمانێك بدەین بەنەخۆش، لەبەر ئەوەی دەرمانەکان پێویستە لە پلەی گەرمی جێگیربن، بەهۆی نەبونی کارەباوە دەرمانەکان خراپ دەبن".

د. ئاکۆ ئیبراهیم، پسپۆری نەشتەرگەری گشتی لە نەخۆشخانەی کەلار، وتی:" ڕۆژانە زیاتر لە (20) نەشتەرگەریی دەکرێت بۆ نەخۆش و زۆربەی پێداویستیەکان دابین کراوە لە هۆڵی نەشتەرگەری، هەندێك کەموکورتی هەیە چارە سەریان ئاسانەو بەڵام تا ئێستا چاك نەکراوە".

وتیشی: "بۆدابینکردنی پێداویستی و رێکخستنی هەیکەلی نەخۆشخانە پێویستی بە ئیدارەدانێکی باش هەیە و کەسی شارەزای پێویستە بەرێوەی ببات".

## 5. چۆنیەتی پێدانی کەرستەی پزیشکی بۆ نەخۆشخانەو مەڵبەندو بنکەو سەنتەرەکانی تەندروستی لەگەرمیان:

پێدانی کەرستەی پزیشکی بە دو رێگە دابەش دەکرێت، بەشێکیان لەلایەن وەزارەتی تەندروستی عێراقەوە دابین دەکرێت، کە تائێستا نەزانراوە ئەوە بەشەی کە وەزارەتی تەندروستی عێراق دەینێرێت بۆگەرمیان چەندە، وەبەشێکیان لەلایەن وەزارەتی تەندروستی  هەرێم پارەی بۆدابین دەکرێت بەپێی پێویستی لەلایەن بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیانەوە دەیکڕن.

حامد محەمەد، کارمەندی لیژنەی پێداوستیەکان لە بەشی کۆگای گەرمیان باس لەوەدەکات:" زۆربەی ئامێر و پێداویستەکان خۆمان دەیکڕین و نازانین پشکی گەرمیان چەندە  کەلەلایەن  وەزارەتی تەندروستی عێراقەوە دەنێردرێت بۆ هەرێمی کوردستان."

وتیشی:"لەو بەشەی کەدابین کراوە بۆ ئیدارەی گەرمیان کەلەلایەن بەڕێوبەرایەتی تەندروستی سلێمانیەوە دەینێریت بۆ گەرمیان نازانین پشکی گەرمیان چەندە."

د. سیروان محەمەد، بەرێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان باسیلەوەکرد:"ئێمەش نازانین پشکی گەرمیان چەندە کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستی عێراقەوە دابین کراوە بۆ گەرمیان، چەند جارێك داوامان لە وەزیری تەندروستی و سەرپەرەشتیاری ئیدارەی گەرمیان و بەرێوبەری گشتی تەندروستی سلێمانی کردوە کە هەرسێ لایەنەکە سەربە حزبێکی دیاری کراون تائێستا وەڵامیان نەداوینەتەوە".

وتیشی:"زۆربەی پێداویستیەکان لەلایەن لیژنەکانەوە دەیکڕین و بەپێی پێویستی بۆسەرجەم شوێنەکان کەرەستە کڕاوە، ساڵی پار بڕی (160,000,000) دراوە بە کەرەستەی ناو تاقیگە و بڕی (841,000,000) دراوە بە کەرەستەی پزیشکی."

لە گەرمیان تاکە سەنتەرێك هەیە کە راستەوخۆ پەیوەستە بە وەزارەتی تەندروستی عێراقەوە ئەویش سەنتەر گورچیلەی دەسکردە، سەنتەری گورچیلەی دەسکرد لە کەلار  زیاتر لە(70) نەخۆشی هەیە کە رۆژانە شوشتنەوەی گورچیلە (غسل) یان بۆدەکرێت.

کاروان محەمەد، لێپرسراوی سەنتەری گورچیلەی دەسکرد لەکەلار باسیلەوەکرد:" هەموو ئامێر و پێداویستیەکان لەلایەن وەزارەتی تەندروستی عێراقەوە دابین کراوە و هیچ شتێکیان کەم نیە".

وتیشی: "تامانگی (2) ساڵی (2018) هەمو پێداویستیەکانمان بۆدابین کراوە، بەڵام تا ئێستا گرێبەستەکەیان بۆ نوێ نەکردوینەتەوە، گومان ئەکرێ بەهۆی ئاڵۆزیەکانی نێوان هەرێم و بەغداد ئەم ساڵ گرێبەستەکە کۆتایی بێت و بەرێوبەری  تەندروستی گەرمیانمان ئاگادرکردۆتەوە لە ترسی بڕینی هاوکاری لەلایەن وەزارەتی تەندروستی عێراقەوە ."

لە گەرمیان نەخۆشخانەیەکی گشتی هەیە کە سەر بەدەزگای تەندروستی پێشمەرگەیە لە ناحییەی باوەنورە و ڕۆژانە (24) کاتژمێر دەوامی تێدا دەکرێت، بەرێوبەری نەخۆشخانەکەش دەڵێت هەمو پێداویستیەکانمان بۆ دابینکراوە.

موکەڕەم موبارەك، بەرێوبەری نەخۆشخانەی شەهید مەلا ئەحمەد کەلاری باسیلەوەکرد:" زۆربەی ئەو پێداویستیانەی کە دەبێت لە نەخۆشخانە هەبێت ئێمە هەمانە، بەهۆی ئەوەی کە سەر بەدەزگای تەندروستی پێشمەرگەین هەمو پێداویستیەکانمان بۆدابین کراوە."

## بەشی سێیەم: راسپاردەکان

1. دابینکردنی پێداویستی بۆ سەنتەر و مەڵبەندەکان، چونکە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی قورسایی لەسەر نەخۆشخانەکان، بەوهۆیەی مەڵبەند و بنکەکان کەمتر کەرەستەی تەندروستییان تێدایەو ئەمەش نەخۆش ناچار دەکات پاش سەردانی ئەوان سەردانی نەخۆشخانەش بکات.

2. زیادکردنی ئەو ئامێرانەی کە ئێستا لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان ژمارەیان کەمە وەك (MRI)، (CT) بە هۆی زۆری ژمارەی سەردانکەرەوە بارگرانی بۆ هاوڵاتیان دروست دەکات.

3. رێکخستنەوەی پێداویستیەکانی نێو نەخۆشخانە و مەڵبەند و بنکە و سەنتەرە تەندروستیەکان بەمەبەستی باشتر دابەشکردن و دابینکردنی پێداویستی بۆیان.

4. دابینکردنی برە پارەیەك بۆ چاککردنەوەی (سیانە)ی بەردەوامی ئەو ئامێرانەی لە کارکەوتون.

ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە
زریان محەمەد، دۆسیەی پەروەردە
هونەر حەمید مەجید، دۆسیەی تەندروستی

**بۆپەیوەندی:**
07702303676– 07480207400
Radiodeng@yahoo.com
Radiodang.org